دکتور سا لح ئیبراهیمی



## سوورەی موتەحینە لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله) وە ١٣ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّلاوێن.

ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! دوژمنی من و دوژمنی خۆتان بە دۆست مەگرن، ئێوە دۆستایەتییان بەوان ڕادەگەیێنن لە حالێکدا ئەوان بەو قسە هەقەی بۆتان هاتووە باوەڕیان نییە، لەبەر ئەوەی بە خوا کە پەروەرێنەرتانە بڕواتان هێنابوو، پێغەمبەرو ئێوە دەردەکەن، ئەگەر بۆ خەزا لە ڕێگای من و بۆ ڕەزای من چوونەتە دەرێ، بە نهێنی دۆستایەتییان مەکەن و من بە هەرچی دەیشارنەوەو بەوەی ئاشکرای دەکەن ئاگاترم، هەرکەس لە ئێوە وا بکا، لە ڕێگای ڕاست لای داوە ﴿١﴾ ئەگەر ئێوەیان گیر بێ و دەسیان بڕوا، دوژمنیتان دەکەن و دەس و زمانیان بۆ ئازاردانتان دەکەنەوە، پێیان خۆشە کە ئێوەش لەڕێ لادەر بن ﴿٢﴾ هەرگیز خزم و منداڵەکانتان سوود بە ئێوە ناگەیێنن، خوا لە ڕۆژی قیامەت لێکتان جیا دەکاتەوە، خوا بەوەی دەیکەن بینایە ﴿٣﴾ بۆ ئێوە شێوەیەکی چاک هەیە بۆ پەیڕەوی لە ئیبراهیم و ئەوانەی کە (بە بڕوا) لەگەڵ ئەوا بوون، کاتێ کە بە هۆزی خۆیان وت: لە ئێوە و لەوەی لە غەیری خوا کە دەیپەرستن بێزار و بەرین و ئێوە بە خوانەناس دەزانین و لە نێوان ئێمە و ئێوەدا بۆ هەمیشە ڕق و دوژمنی دەرکەوتووە، تا (کاتێ) بە خوای تەنیا بڕوا بێنن، بێجگە لەو قسەی ئیبراهیم کە بە باو (ئاپۆ)ی بەڵێنی دا کە داوای لێخۆشبوونت لای خوا بۆ دەکەم، لە هەمان کاتدا لە بەرامبەر خوادا بۆ تۆ شتێکم بە دەس نییە، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! خۆمان بە خوا سپاردووە و تەوەکولمان بە تۆیە و ڕوومان کردۆتە تۆ و گەڕانەوەش هەر بۆ لای تۆیە ﴿٤﴾ ئەی پەروەرێنەری ئێمە! مەمانکە هۆی تاقیکردنەوەی کافران و لێمان خۆشبە، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! بەڕاستی هەر تۆی پڕ دەسەڵاتی لەکارزان ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتور سالح ئيبراهيمى



بە هەقیقەت ئەوانە بۆ ئێوە شێوەیێ چاکن، بۆ کەسانێ کە هیوایان بە خوا و بە ڕۆژی بەرێ هەیە، هەرکەس مل بادا (زیانی لە خۆی داوە)، بەراستی هەر خوایە بێنیاز و شیاوی پەسنە ﴿٦﴾ هیوایە کە خوا لە نێوان ئێوە و دوژمنانتاندا (لە ڕێی ئیسلامەوە) پێوەندی خۆشەویستی دابنێ، خوا بەوزە و لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿٧﴾ خوا ئێوە لە چاکەکردن لەگەڵ ئەوانەی کە لەگەڵ ئێوەدا لەسەر دین نەجەنگاون و لە شار و ئاواییتان دەریاننەکردون بەرتان ناگرێ، خوا دادگەرانی خۆشدەوێ ﴿٨﴾ بێگومان خوا تەنیا ئێوە لە دۆستی کەسانێ بەرناگرێ کە لەسەر دین جەنگیان لەگەڵ ئێوەدا کرد و ئێوەیان لە شار و ئاوایی خۆتان وەدەرنا و بۆ دەرکردنی ئێوە کۆمەکیان کردووە، ئەگەر دوستایەتی ئەوان بکەن، هەرکەسێک دۆستایەتی ئەوان بکا، جا هەر ئەمانن ستەمکار ﴿٩﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! کاتێ ژنانی بڕوادار کە کۆچیان کردووە، هاتنە لای ئێوە، تاقییان بکەنەوە، خوا بە بڕوایان زاناترە، جا ئەگەر زانیتان کە بڕوایان هێناوە، مەیانگێڕنەوە لای کافران (چونکە) نە ئەمانە بۆ پیاوانی کافر ناشێن و ڕەوا و حەڵاڵن و نە پیاوانی کافریش بۆ ئەوان دەشێن و ڕەوا و حەڵاڵن و هەرچی کافرەکان بۆ ئەم ژنانەیان خەرج کردووە بیاندەنەوە و ئەگەر ئەوانە مارە ببڕن مارەییان بدەنێ گوناحتان بۆ نییە و ژنانی کافر بە ژنی بۆ خۆتان ڕامەگرن، هەرچی بۆتان خەرج کردووە لە پیاوانی کافر (کە ئەمانەیان هێنا) وەربگرنەوە و ئەوانیش هەرچییان خەرج کردبێ (کە ژنەکانیان موسڵمان بووبێ و شووی بە ئێوە کردبێ) لە ئێوەی بوێ، ئەمە فەرمانی خوایە، خوا لە نێوانتاندا داوەری دەکا و خوا پڕزانای لەکارزانە ﴿١٠﴾ ئەگەر یەکێ لە ژنانی ئێوە کە لە کیستان بچێ (و بچێتە لای کافران)، ئێوە بۆ تۆڵە ڕاپەڕین و زاڵبوون و تالانتان لێ گرتن ئێوەیش بە کەسانێ کە ژنەکانیان ڕۆیشتوون بە ئەندازەیێ کە خەرجیان بووە بیاندەنەوە، لە خوایێ کە بڕواتان پێیەتی بترسن ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەی پێغەمبەرا هەرکاتێ ژنانی بڕوادار هاتنە لات تا بەیعەتت پێبکەن کە هاوبەش بۆ خوا دانەنێن و دزی نەکەن و زینا نەکەن و منداڵانی خۆیان نەکوژن و تۆمەت و بوختان نەهێننە نێو دەس و پێیانەوە و لە کاری چاکدا نافەرمانی تۆ نەکەن، جا بەیعەتیان لێ وەربگرە و لە خوا داوای لێبوردنیان بۆ بکە، بەڕاستی خوا لێبوری فرە دڵاوێنە ﴿١٢﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لەگەڵ هۆزێ کە خوا غەزەبی لێگرتوون دۆستایەتی مەکەن، ئەمانە لە ئاخیرەت بێهیوان، هەروەکوو خوانناسەکان لە مردووەکانی نێو قەبر بێهیوان ﴿١٣﴾

## سوورەی سەف ١٤ ئایەتە

### سوورەی سەف لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١۴ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە پەسنی بێخەوشی خوا دەڵێن، هەر خوایشە فرە بەدەسەڵاتی لەکارزان ﴿١﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! بۆچ قسەیێ دەکەن کە عەمەلی پێناکەن ﴿٢﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە بۆ داخێون و کار و کردەوەی پێناکەن؟ ﴿٣﴾ خوا کەسانێکی خۆشدەوێ کە لە ڕێگای ئەودا ڕیز ببەستن هەروەکوو دیوارێ کە بە قورقوشم پێکەوە لکابن خەزا و بجەنگن ﴿۴﴾ بێنەوە بیر کاتێ کە مووسا بە هۆزی خۆی وت: ئەی هۆزم! بۆچ ئازارم ئەدەن باوەکوو دەزانن من ڕەوانەکراوی خوا بۆ لای ئێوەم؟ جا کاتێ ئەوانە لە هەق لایاندا، خوا دڵ و دەروونی ئەوانی لە هەق کلا کرد، خوا خەڵکی خراپ و فاسق و نافەرمان ڕێنوێنی ناکا ﴿۵﴾



Dr. Saleh Ebrahimi